### د. ڕۆبەرت کاتلەر زانکۆی کارلیتۆن لە کەندا بۆ گوڵان:



# دابینکردنی ئاسایش و سەقامگیری لە عێراقدا دەبێ لە چوارچێوەی سیستەمێکی دیموکراسی و فیدراڵی بێت، نەک سیستەمێکی فاشیزمی هاوشێوەی سەدام حوسێن

**د. ڕۆبەرت کاتلەر پسپۆر و توێژەری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە زانکۆی کارلیتۆن، شارەزایە لە دۆسیێ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عێراق و چەندین توێژینەوەی لەسەر کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عێراق هەیە و هەروەها بایەخ بە کێشە ئەتنیەکانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات وکۆمارەکانی پێشوی یەکێتی سۆڤیەت دەدات.**

**بۆ هەڵسەنگاندن و تاوتوێکردنی بارودۆخی ئێستای عێراق و ئایندەی هەرێمی کوردستان لەم کێشە ئاڵۆزەدا، گوڵان بە پێویستی زانی چەند پرسیارێک ئاراستەی د. کاتلەر بکات و بەڕێزی بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی بۆ گوڵان دایەوە:**

**ئەگەر مەسەلە ئاسایش بێت سەدام حوسێن ئاسایشی دابینکردبوو**

ئێستا مەسەلەی دابینکردنی ئاسایش و سەقامگیری بۆتە ئەولەویەتی ستراتیژیەتی ئیدارەی بوش لە عێراقدا و بۆ ئەمەش پەنایان بردۆتە بەر هەر ڕێگەیەک کە بتوانن وەک هۆکارێک بەکاری بێهنن، بەڵام دابینکردنی ئاسایش و سەقامگیری تەنیا بۆ ئەوەی لەبەردەم رای گشتیدا وا پیشانبدرێت کە عێراق سەقامگیرە، دووبارە کردنەوەی مۆدێلی رژێمی سەدام حوسێنە نەک بونیادنەوەی عێراقی دیموکراسی و فیدراڵی دەربارەی ئەم چەمکە د. کاتلەر بەمجۆرە هاتە ئاخاوتن:

« سیاسەتی ئەمەریکا لە رووخاندنی رژێمی سەدام حوسێندا سەرکەوتووبوو ، ئەمەش بۆ کوردی عێراق بایەخێکی زێدەگرنگی هەبووە و هەیە، بەڵام شکستی سیاسەتی ئەمەریکا لەوەدابوو کە نەیتوانیووە سیستەمێکی سکولاری و دیموکراسی بە هاوشێوەی ئەورووپای رۆژئاوا دابمەزرێنێت، ئەگەر مەبەست لە سەقامگیری ئەوەبێت هەندێک خزمەتگوزاری وەک خوێندن و تەندروستی پێشکەش بکرێت، رژێمی سەدام حوسێنیش ئەو خزمەتگوزاریانەی دابینکردبوو، بەڵام بەشێوەی رژێمێکی فاشیانە، هەربۆیە ئەوەی مەبەستە لە عێراقدا ئەوەیە سیستەمێکی دیموکراسی رۆژئاوای کە بتوانێت گەرەنتی ئازادی بۆ عێراقییەکان دابینبکات، وەک سیستەمی ئەڵمانیا، هەربۆیە پرسیار لێردەا ئەوەیە، کاتێک هەندێک لایەنی عێراق لە هەوڵی ئەوەدان دەوڵەتێکی سیۆکراسی دابمەزرێنن، ئەوا هاوبەشیکردنی هاووڵاتیانی عێراق لەبەشداربوون لە پرۆسەی سیاسیدا نابێت لەم حاڵەتەشدا ئەمەریکا نەک هەرسەکەوتنی بەدەست نەهێناوە بەڵکو شکستێکی گەورەش چاوەڕێی دەکات.

**سەقامگیری هەرێمی کوردستان خاڵێکی پۆزەتیڤە بۆ سەرانسەری ناوچەکە**

ئەگەر ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەریایەک بێت، ئەوا هەرێمی کوردستان ئەو دوورگە سەقامگیر و ئارامەیە کە هەنگاو بەرەو دیموکراسی وبازاڕی ئازاد هەڵدەگرێت رێز لە بنەماکانی مافی مرۆڤ دەگرێت، بێگومان ئەم ئارامی و سەقامگیرییەی کوردستان لە هەڕەشە و دەستێوەردان بەدەر نییە، بەڵام تا ئێستا بارودۆخەکەی راگرتووە ئەو سیاسەت و ستراتیژەیە کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان پیادەی دەکات و، وێڕای ئەو تەعتیمە ئیعلامیەش لەسەر کوردستان لەسەر ئاستی میدیاکانی جیهان پیادە دەکرێت بەڵام رەنگدانەوەی ئەم سیاسەت و ستراتیژە بۆتە فاکتەرێکی ئیجابی بۆ پەیوەندی دپلۆماتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ دەورووبەر و دەوڵەتانی عەرەبی، تەنیا خاڵێکیش جێگەی مەترسی بێت ئەوەیە ئەو توندوتیژی و ئاڵۆزییەی لەبەشەکانی دیکەی عێرادا هەیە هەرێمی کوردستانیش بگرێتەوە دەربارەی رەوشی


(ژمارە:٦٢٩)٩/٤/٢٠٠٧

هەرێمی کوردستان، د. رۆبەرت گوتی:« پێموانیە ئەو توندوتیژی و ئاڵۆزییەی کە ئێستا وەک شەڕی ناوخۆ لە نێوان عەرەبی شیعە و عەرەبی سونە هەیە، هەرێمی کوردستان بگرێتەوە لەبەر ئەوەی کورد، عەرەب نییە، ئەمە لە لایەک، لەلایەکی دیکەش ئەو سەقامگیر و ئارامییەی کە ئێستا لە کوردستاندا هەیە نەک هەر تەنیا رۆڵێکی کاریگەری لەسەر عێراق دەبێت بەڵکو کاریگەری لەسەر تەواوی ناوچەکەش هەیە.

بێگومان سەردانی ئەم دواییەی بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ هەریەک لە ئەردەن و عەرەبستانی سعودی، نیشانەی ئەوەیە کە کورد بەشێک نییە لەو کێشە و بەدیدی هەردو وڵات پشگیری سونەی عێراقە بۆ ئەوەی نەبنە کەمینە لەبەردەم عەرەبی شیعە کە ئێستا دەیانەوێت ستایلێکی هاوشێوەی ئێران لە عێراقدا دابمەزرێنن.

## دەوڵەتانی ئیقلیمی داوای پشکی خۆیان لە عێراقدا دەکەن

ئەو بارودۆخەی ئێستا لە عێراقدا هەیە، بۆتە دەرگایەکی والابۆ دەستێوەردانی ئیقلیمی، بەتایبەتی سوریا و ئێران و تورکیا، ئەم سێ دەوڵەتە کاریگەری راستەوخۆو ناڕاستەوخۆیان لەسەر هەرێمی کوردستان هەیە، هەروەها کێشەی نێوان ئێران و ئەمەریکا کە لە بنەڕەتدا کێشەی هەژموون و دەسەڵاتە لە ناوچەکە، ئێستا مەزندەی هەڵکشان زیاتری لێدەکرێت، بەڵام دەبینین خاوبوونەوەیەک بەرامبەر سوریا هەیە و تورکیاش بەشێوەیەکی راشکاوانە پشگیری سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراقدا ناکات.

دەربارەی رۆڵی دەوڵەتانی ئیقلیمی و کاریگەریان لەسەر رەوشی عێراق و کوردستان د. کاتلەر گوتی:
«تەنیا ریگەیەک کە بتوانێت کێشەی نێوان ئێران و ئەمەریکا کۆتایی پێ بهێت، ئەوەیە ئەمەریکا پشگیری دامەزراندنی دەوڵەتێکی سیوکراتی شیعە لە عێراقدا بکات، بێگومان ئەمەش هەرگیز روونادات، کەواتە کێشەی نێوان ئێران و ئەمەریکا وەک خۆی دەمێنێتەوە، سەبارەت بە سوریاش ئەگەر سوریا پشگیری گروپە سکولارەکانی عێراق بکات، ئەمە هەرچونێک لە رۆڵی ئێران چاکتر دەبێت، ئەم پشگیریەی سوریا زۆر لە هەوڵەکانی ئێران بۆ پشگیری حزبولڵلا و حەماس باشترە، لەبەر ئەوەی ئەو هەواڵانەی ئێران زیاتر بەنزین بە ئاگرەکەدا دەکات.

تورکیا دوو دڵە بەرامبەر سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراقدا، ئەمەش لەبەر ئەوەیە رووبەڕووی هەقیقەتێک بۆتەوە کە رۆژ لە دوای رۆژ ئەزموونی خۆ بەڕێوەبردنی کورد هەنگاوی باشتر هەڵدەگرێت، بەدیدی تورکیا ئەم ئەزموونە کاریگەریەکی سلبی لە کوردەکانی تورکیا دەبێت بۆ ئەوەی زیاتر داوای مافەکانی خۆیان بکەن، هەربۆیە تورکیا بەرامبەر ئەزموونی هەرێمی کوردستان نیگەرانە و سیاسەتی ئەمەریکاش وەک پشگیریەک بۆ ئەو ئەزموونە سەیر دەکات هەربۆیە لەبەرامبەر سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراقدا نیگەرانە.

## هەتا بوش لە کۆشکی سپی بێت سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراقدا ناگۆڕێت

ئەمساڵ دەبێتە ساڵێکی حەسم بۆ سیاسەتی ئیدارەی بوش لە عێراقدا بەتایبەتی بۆ هێورکردنەوەی بارودۆخەکە و دابینکردنی سەقامگیری لە عێراقدا، ئێستا بوش لە ژێر گوشارێکی گەورەی کۆنگرسیدایە، ئەو کارتەش گرەوی لەسەر دەکات حکومەتی مالکییە و ئەو حکومەتەش لەوە لاوازترە کە بتوانێت سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراقدا راست بکاتەوە.

دەربارەی ئایندەی سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراقدا د. رۆبەرت کاتلەر گوتی:« بەو پێیەی دەستووری ئەمەریکی دەسەڵاتی حکومەتی ئەمەریکای دیاریکردووە ئەوا هیچ گوشارێک ناتوانێت سیاسەتی ئیدارەی بوش لە عێراقدا بگۆڕێت، ئەمە سەرباری ئەو گوشارانەی کە لەلایەن کۆنگرێس و رای گشتی ئەمەریکا لەسەریەتی، بە واتایەکی دیکە هەتا سەرۆک بوش خۆی بڕیار نەدات ئەو سیاسەتە وەک خۆی دەمێنێتەوە.

سەبارەت بە پشگیری ئیدارەی بوشیش بۆ حکومەتی مالکی، سیاسەتی ئەمەریکا مەبەستیەتی پشگیری هەر حکومەتێک بکات کە لایەنە عێراقییەکان تیایدا بەشداربن ئێستا حکومەتی ئەمەریکا پشگیری هەر هەنگاوێک دەکات کە نەبێتە هۆی زیادبوونی نفوزی ئێران لە عێراقدا.

ئێستا بارودۆخێکی پێکهاتە سیاسییەکانی عێراقیش خەریکە گۆڕانکاری بەسەردا دێت، بەتایبەتی کە هەوڵی دیکە هەیە بۆ پێکهێنانی ئیئتیلافێکی تازە، بەڵام بارودۆخەکە هەرچۆنێک بێت پێویستە کورد پشگیری ئەو گروپ و لایەنانە بکات کە هەوڵدەدەن سیستەمێکی سکولاری و دیموکراسی دابمەزرێن و، پێموایە دوورکەوتنەی لە دەوڵەتێکی سیوکراسی نەک هەر لە بەرژەوەندی کوردی عێراقدایە بەڵکو سوودی بۆ کوردی پارچەکانی دیکەش هەیە.

## ئایندەی کوردستان بەردەوامبوونیەتی لەسەر ئەم رەوتەی ئێستای

دەربارەی ئایندەی کوردستان و ئەو رۆڵەی کوردیش دەتوانیت بۆ هێورکردنەوەی عێراق بگیرێت د. رۆبەرت کاتلەر بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو:

«من ئومێد دەخوازم سەرکردایەتی کورد لەسەر ئەم سیاسەتەی ئێستای بەردەوام بێت و بەدیدێکی فراوان سەیری ئایندە بکات، هەربۆیە ئەگەر تورکیا بێتە ئەندامی یەکێتی ئەورپا« وەک ئێستا هیوای بۆ دەخوازن» ، ئەوا لەبەر رۆشنایی پرانسیپەکانی یەکێتی ئەوروپادا لەوانەیە زمانی کوردی بێتە زمانێکی فەرمی لە ئەوروپادا، هەروەها بۆ کوردی عێراقیش دەبێتە هۆکاری ئەوەی راستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ یەکێتی ئەوروپادا بکات، لەسەر دەمی شەڕی سارد دا ئەڵمانیای رۆژهەڵات ئەندامێکی واقیعی یەکێتی ئەوروپابوو بەهۆی ئەڵمانیای رۆژ ئاواوە، هەربۆیە کاتێک بەشێکی کوردستان دەبێتە بەشێک لە یەکێتی ئەوروپا ئەوا ئەو سنوورەی نێوانیان وەکو سنووری نێوان ئەڵمانیای رۆژئاوا و رۆژهەڵات دەبێ.


سەردانی ئەم دواییەی بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ هەریەک لە ئەردەن و عەرەبستانی سعودی، نیشانەی ئەوەیە کە کورد بەشێک نییە لەو کێشە و بەدیدی هەردو وڵات پشگیری سونەی عێراقە بۆ ئەوەی نەبنە کەمینە لەبەردەم عەرەبی شیعە کە ئێستا دەیانەوێت ستایلێکی هاوشێوەی ئێران لە عێراقدا دابمەزرێنن

تەنیا ریگەیەک کە بتوانێت کێشەی نێوان ئێران و ئەمەریکا کۆتایی پێ بهێت، ئەوەیە ئەمەریکا پشگیری دامەزراندنی دەوڵەتێکی سیوکراتی شیعە لە عێراقدا بکات، بێگومان ئەمەش هەرگیز روونادات

تورکیا دوو دڵە بەرامبەر سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراقدا، ئەمەش لەبەر ئەوەیە رووبەڕووی هەقیقەتێک بۆتەوە کە رۆژ لە دوای رۆژ ئەزموونی خۆ بەڕێوەبردنی کورد هەنگاوی باشتر هەڵدەگرێت.